

# دیكتاتۆرییەتی جەهل

ئاسۆ جەبار

-گەر خەڵكی پێشتر سروشتی رابەرو سەركردە سیاسییەكانی خۆیان بناسن‌و لەوە ئاگادار بن كە ئایا كەسانێكی سادیستن یان نا، ئەوەدەمە دەتوانن رێ لەكۆستی زۆر گەورە بگرن. ئەریك فرۆم

"لەبەرئەوەی دەسەڵات لەحەقیقەت دەترسێت، هەربۆیە دەبێت سەركوتی بكات"

هیوبرت دریفۆس/پل رابینۆ

دیكتاتۆرەكان تەنها دابەشنابن بەسەر پۆلێنكارییەكی ئەكادیمی‌و كلاسیكی‌دا كە بریتین لە دیكتاتۆری عەسكەری، دیكتاتۆری سیاسی‌و دیكتاتۆری ئابوری‌و فەرهەنگی یان ئاینی‌و مەزهەبی...تاد، پێكڕا سەرلەبەری جۆرەكانی دیكتاتۆر خاوەن شوناس‌و كاریگەری‌و مەعریفەو دنیابینی خۆیانن بۆ داگیركردن‌و كۆنترۆڵكردنی دەسەڵات‌و حكومەت‌و دامودەزگا‌و كایەو پێكهاتە سیاسی‌و كۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌و رۆشنبیری‌و ئابورییەكان. ئەوڕۆكە مۆدێلێكی دیكەی دیكتاتۆرییەت لە ئارادایە كە لەم نوسینەدا ناوی دەنێین دیكتاتۆرییەتی جەهل.

جەهل كاتێك دەبێت بە دیكتاتۆر رووە راستەقینەكەی خۆی پیشان دەدات‌و رووە پەنهان‌و شاراوەو وەهمییەكانی خۆی پەنهانترو شاراوەتر دەكات، دەبێت بە حەشارگەیەكی گەورە بۆ بەرهەمهێنانی جەهل‌و پەخشكردنی پەروەردەو فەرهەنگی جەهل لەرێی ئوستادە راستەقینەكانی جەهل‌و لەرێی وەزارەت‌و قۆنتەراتخانەكانی جەهلەوە، دیكتاتۆرەكانی جەهل چەند خاوەنی دنیایەك بەرپرس‌و سەركردەی جاهیل‌و نەخوێنەوارن، دەئەوەندەش خاوەنی وەزیرو بەڕێوبەرو سەرۆكی جاهیل‌و تۆقێنەرن بۆ سازكردنی سەرزەمێنێكی گەورە لەبێباكی‌و بێ عەقڵی‌و بێ مەعریفەتی‌و بچوكردنەوەی ئەخلاق‌و تیرۆركردنی حەقیقەت‌و سوككردنی ژیاندۆستی.

دیكتاتۆرەكانی جەهل خاوەنی دنیابینییەكی كوشندەترن، ئەندازیارێكی بە سەلیقەی جەهلن بۆ بەرزكردنەوەی تەلارەكانی جەهل‌و بێباكی‌و جەهالەت‌و بێمەعریفەتی‌و داخرانی زیاترو زیاتری فەرهەنگی‌و شارستانی‌و هەڵچنینی دیوارەكانی یەقین بە حیكایەت‌و سەروەرییە تەپتۆزلێنیشتووەكانی رابردوو، خنینی پەنجەرەكانی روانین بە ئەرشیفێكی مردوو، داخستنی دەرگاكانی پەیوەندی لەیەكتری‌و دانانی بەردی بناغەی ناحاڵیبون‌و سادەكردنەوەی ژیانی شارستانی بۆ كۆمەڵێك غەریزەی ئاژەڵی.

بەرلە هەر راڤەكارییەكی ئەكادیمی‌و رەخنەگرانە، دەبێت ئەو دەرگا‌و پەنجەرە داخراوە كولتوری‌و مەعریفی‌و شارستانی‌و تەقدیسگەرایانە بخەینە سەرپشت كە سەردەمانێكە بە قفڵە ژەنگاوییەكانی كولتورو ئەخلاقی عەنتەریاتگەری‌و زوڕناژەنی‌و حیكایەتخوازی كلۆمدراون. دەبێت ئەو شوناسە فەرهەنگی‌و شارستانییە بخەینە بەرباس‌و راڤەكاری كە تائەوڕكە لەتاكەیەك راڤەكاری كلاسیكیدا هەڵگیراون‌و لەتاكەیەك باوەڵی پڕ لەحیكایەت‌و پیرۆزی‌و سەروەری‌و موناسەباتی ساختەو بیرەوەری مێگەلێكی بێدەنگدا هەڵگیراون.

دنیابینی کوشندە تەنها بریتی نییە لەکۆی ئەو دنیابینییانەی کە تائەوڕۆکە مێژوو تۆماری کردوون، وەك دنیابینی تۆتالیتاری بەلشەفیزم و ستالینیزم و عەقڵیەتی وێرانکردن و کوشتن و جینۆساید و گرتن و سزادان و سازکردنی گرتوخانە گەورەکان و زاڵکردنی دنیابینییەکی کوشندە، وەك چۆن تەنها دنیابینییە کوشندەکانی دیکتاتۆرەکانی وەك بینۆشێ و سەدام حسێن و دەسەڵاتە ڕەهاگەراو تاکئاڕاستەو مەزهەبگەراو شۆفینی و ڕاسیزمەکان بریتی نین لەیەکەمین و دوایەمین کوشندەکانی دنیا، بەهەمانشێوە لەتەرزی جیاوازو لەچەشنی فەرهەنگی جودادا دنیابینییەکانی دیکەش بێبەش نەبوون لەو میراتییە گەورەو گرانەی کە دەسەڵاتە دیکتاتۆرو هەژمونگەرو ستەمکارەکان بۆمان بەجێدەهێڵن.

کوشندەکانی ئەوڕۆ تەنها بریتی نین لەو جەلادانەی گرتوخانەکان دروستدەکەن و پڕیان دەکەن لەرۆح و جەستەی زیندوو، زیندانەکان گەورە دەکەن و دیوارەکانیان بەرزدەکەنەوەو پڕیاندەکەن لە نەیارو رەخنەگرو ئۆپۆزسیۆنە سیاسی و فەرهەنگی و مرۆییەکان، کوشندەکان تەنها ئەوانە نین لەکاتی خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکاندا شەقامەکان و کۆڵانەکانی شار خوێنڕێژن دەکەن و بە زرێپۆشی پڕ لەچەك و تفاقی بێدەنگکردن خۆیان دەکەن بە خەون و خەیاڵی مرۆڤەکاندا. بەڵکە لەم سەردەمە نوێیەدا کوشندەکان بە کولاوجامانەی گەندەڵییەوە، بە کەواوسەڵتەی مەزهەبگەرایی و سەلەفیەتگەراییەوە، بە چاکەت و پانتۆڵی ناعەدالەتی و حیزبخوایی و عەنتەرێاتخۆرییەوە دەبنە هێزگەلێکی کوشندە بەئەندازەیك کوشندەتر لەهەر هێزێکی دنیا، ئەگەر دیکتاتۆرەکان کوشندەیەکی ڕاستەقینەی جەستەی مرۆڤ و کۆمەڵگەو فەرهەنگ بووبن، ئەوا کوشندەکانی ئەمرۆ بکوژێکی بەزەبرو ڕاستەقینەی ڕوح و خەیاڵ و خەون و دنیابینییە جیاوازەکانن لەڕێی داگیرکردن و کڕینی دنیا، لەڕێی کۆنترۆڵکردنی بازاڕو سەرلەبەری سەرچاوە ڕۆشنبیری و میدیایی و ئابوری و فەرهەنگی و سیاسییەکان.

کوشندەکانی دنیای هاوچەرخ سەربازی ڕاستەقینە نین، بەڵکە کۆمەڵێك بکوژی وەهمین لەسەرزەمینێکی تەواو واقیعیدا، کۆمەڵێك مافیای ڕاستەقینەن بۆ سازکردنی ڕووبەرێکی گەورەی تالانخۆری و ئەخلاقخۆری و حیکایەتخۆری و سەروەریخۆری و کۆمەڵگەخۆری، ڕۆشنبیری خۆری و هونەرخۆری و فەرهەنگخۆری.

بەرهەمهێنانی دەزگاگەلێکی ڕۆشنحیزبی و میدیاحیزبی و ئابوریحیزبی و کۆمپانیاحیزبی بۆ بەرپاکردنی پانتاییەکی بەرفراوانی جەهل و بێئاگایی و کەمتەرخەمی و مۆنۆپۆلکردن و بێبایەخکردن و نەخوێنەواری، کۆمەڵە هەوڵێکی کوشندەن بۆ بەرپاکردنی فەزایەکی گەورەی کۆنخوازی و شکۆدارکردنی جەهل و بەرهەمهێنانی ماشێنێکی گەورەی بێبایەخکردن و دابەزاندنی ئاستی فیکری و ئەکادیمی و مەعریفی ئەو ئاستە ڕۆشنبیری و فەرهەنگییەی کە ناوەندە ڕۆشنبیرییە جیدییەکانی دەرەوەی (دەسەڵات و ناوەندی ڕەسمی) کاری لەسەر دەکەن کە هەوڵی دەستەبژێرێکی جیاوازو ڕەخنەگرن بۆ خولقاندنی فەزایەکی بەرفراوانی ململانێی ڕۆشنبیری و مەعریفی، کە کۆمەڵە هەوڵێکی ئەکادیمی و مەعریفین بۆ سازکردنی کلێشەسازییەکی دیکەی تێگەیشتن و هەڵوەشاندنەوەو تێکشکاندنی ئەو خەیاڵگە کانزاییەی دەسەڵاتە هەژمونگەرو ستەمکارو سەرکوتکارەن کە پێکهاتەی فەلسەفەیەکی کۆنزێرڤاتیڤ و سەلەفین بۆ ئەبستراکتکردنی جەهل و دامەزراندنی کۆنسێپتێکی گەورەی داگیرکردن و خامۆشکردن و سستکردنی گۆڕان و داهێنان و جیاوازی و نوێگەری.

کۆنترۆڵکردن و خاوەنداریێتیکردنی دەزگا ڕۆشنیرییەکان لەلایەن حیزب و دەسەڵاتەوە، واتە داگیرکردنی ڕۆشنبیری و هونەر، مانای ئەوەیە کە من خاوەنی هەمووشتێکم تۆ خاوەنی هیچ، من شارەزای هونەرو ڕۆشنبیریم و تۆی خوێنەوارو ڕۆشنبیر موحتاجی دەست و مەلحمەتی منی دەسەڵاتی، مانای ئەوەیە دەسەڵات ئیتر بەمەزاج و بێ زەوقی خۆی کتێب بۆ نوسەرەکانی خۆی چاپدەکات و ئەلبومی مۆزیك و گۆرانی بۆ هونەرمەندەکانی خۆی بەزۆرترین تیراژو ریکلام بڵاودەکاتەوە. هاوکات ئەو دەزگا حیزبییە بەناو ڕۆشنبیریانە سەدانجار دیوانە شیعری پڕ لەستایش و پڕ لەپیاهەڵدان بۆ شاعیرەکانی خۆیان چاپدەکەن، بەڵام هیچ شاعیرێکی تر بۆی نیە دێرێك لەشیعرەکانی بکات بەکتێب لەدەزگاکەی ئەودا.

هاوکات ئەم دەزگایانە پڕ دەکرێن لەدیکتاتۆری بچوك و خنجیلانە بۆ کۆنترۆڵکردن و بێبایەخکردنی ڕۆشنبیری و هونەر، دەسەڵات لەم فەرهەنگە هەژارەدا هەڵدەستێت بەدیاریکردن و دەستنیشانکردنی جۆرێك لەنوسەرو هونەرمەند کە بێئەندازە ستایشکارو هوتافکێش و دەربارن، دەبێت بێسنور گوێرایەڵ و بێدەنگ بن، پێویستە گەورەترین قسەنکەرو بچوکترین گوێگربن.

دیکتاتۆرەکانی جەهل چێژ لەرۆتین و داگیرکردن و خاوەنداریێتی دەبینن، چێژ لەوێرانکردنی هونەرو ڕۆشنبیری دەبینن، شاگەشکە دەبن کاتێك دەزگا ڕۆشنبیری و هونەرییەکان دەکەن بە بارەگایەکی حیزبی، تاسەرئێسك شەیدا دەبن بە کردنەوەی سەدان مزگەوت و کەنیسە و بارەگای حیزبی، ئەتریقێنەوە بەوەی کە زانکۆکان و پەیمانگاکان و قوتابخانەکان و دائیرە حکومییەکان پڕبکەن لەدۆست و ئەحبابی حیزب.

دیکتاتۆرەکانی جەهل تاسەرئێسك دژایەتی ئازادی رادەربڕین و ئازادی نوسین و ڕۆژنامەنوسان و رەخنەگرو نوسەرە جیدییەکان دەکەن، پێکڕا دەبنە هێزگەلێکی کوشندە بۆ کوشتنی پڕۆژەی جیدیی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی جیاوازو دەبنە سەرکوتکارێکی راستەقینە بۆ کوشتن و تیرۆرکردن و رفاندن و تێهەڵدان و هەڕەشەکردن لەرۆژنامەنوسان و رەخنەگران و جەنگاوەرە راستەقینەکانی میدیای ئازاد.

لەکۆتاییدا دیکتاتۆرەکانی جەهل دەبن بە قۆنتەراتچی بۆ راکێشانی شەقامی جەهل تا قیامەتی گەندەڵی، بۆ دروستکردنی پرد لەنێوان ناعەدالەتی و بێ مەعریفەتی، بۆ دروستکردنی زێرابی بۆکس لەنێوان وەزارەتە جیاجیاکانی جەهل و دامەزراوە راستەقینەکانی بێ مەعریفەتی و بچوکبوونەوەی ئەخلاق تا ئەوپەڕی فاحیشەی فەرهەنگی.

## دەزگا کوشندەکان

### بەرهەمهێنانی جەهل.. پیشەسازییەکی راستەقینە

عەلی حەرب دەڵێت: "مللانێی نێوان رۆشنبیرو سیاسی، یان لەنێوان قەشەو حاکم،..بەتەنیا مللانێ نییە لەنێوان (مەعریفە)و (دەسەڵات)دا، بەڵکو ململانێیە لەسەر رەوایی، واتە لەسەر مۆنۆپۆلکردنی هەق بۆ درکاندنی راستییەکان."

جەلادەکانی جەهل کە شەڕی ناوخۆ بەرپادەکەن و هەزاران مرۆڤ خەڵتانی خوێن دەکەن، بەڵگەیەکی ئیداری و یاسایی بۆ دەدۆزنەوە، گەندەڵەکان و تاڵانخۆرەکان کە کۆمەڵگە تاڵاندەکەن و قەپاڵ لەژیانی

هاولاَتیان دەگرن، شەوانە بە چاکەت و بۆینباخی ملەوەنەوە دێنە سەر تەلەفیزیۆن و باس لەنەزاهەت و راستگۆیی و سوالَکەری خۆیان دەکەن، جەلادەکانی حیزب کاتێک رۆژنامەنوسێک دەکوژن یان دەفڕێنن یان فەلاقەی دەکەن و گوێ لە چاودێرەکانی مافی مرۆڤ و رێکخراوە جیهانییەکان ناگرن، دەمودەست خۆیان دەکەن بە فریشتە، حکومەتە گەندەلَ و بازرگانەکانی جەهلیش کاتێک تیرۆری ئازادی رادەربڕین و رەخنەکان دەکەن، بەلَگەیەکی ئیداری و یاسایی بۆ دەدۆزنەوە.

جەهل پیشەسازییەکی راستەقینەیە بۆ بەرهەمهێنانی روانین و دنیابینی کوشندە، جەهل تەنها بریتی نیە لە نەزانین و بێ مەعریفەتی و بێ عەقلَی و بێباکی، بەلَکە زۆرجار جەهل کارخانەیەکی گەورەیە بۆ بەرهەمهێنانی عەقلَی هەژارو بێبەرهەم و بێ شارستانی و بەرهەمهێنانی دنیابینی و روانینی کوشندەو داگیرکردنی سەرلەبەری ئەو پانتاییە زیندوانەی کە پەیوەندییەکی راستەوخۆیان هەیە بە دنیای مۆدێرن و گۆڕانکاری و ئاستی شارستانی و فەرهەنگی کۆمەلَگەو تاکەکەسەوە. جەهل ناکەوێتە کۆتبەندی پۆلێنکارییەکی سنوردارو داخراوەوە، بەلَکە بێئەندازە دابەشدەبێت بەسەر زیاد لەپانتاییەک و بێ شومار شوناس و ناسنامەی جیاوازدا.

بەواتایەک چۆن جەهلی رۆشنبیری و فەرهەنگی و شارستانی دەبنە هێزگەلێکی راستەقینەو وەهمی بۆ کوشتنی کرانەوەی شارستانی و وەرچەرخانی کولتوری و فەرهەنگی، هاوکات جەهلی سیاسی و مەعریفی و هونەری و ئەدەبی و دامودەزگایی جەهلگەلێکی کوشندەن بۆ بەرهەمهێنانی کارائەکتەرو ئۆستادی گەورەی جەهل و دەبنە میراتگری ئەو پیشەسازییە راستەقینەیە.

تەنها جەلادەکان نین دەبنە خاوەنی ئەو میراتە گەورەیەی کوشندەیی و کوشندەگەرایی، هاوکات چۆن ستەمکارو دیکتاتۆرو دەرەبەگە مۆدێرنەکان هێزگەلێکی کوشندەن بۆ بەخێوکردنی جەهل و بەرهەمهێنان و خولقاندنی دنیابینییە کوشندەو وێرانەکان، بە ئەندازەیەک کەمتر یان زیاتر هەر مرۆڤێک دەتوانێت ببێتە خاوەنی کوشندەترین روانین و خوێناویترین دنیابینی.

تەنها تیرۆریستەکان نیین کە خاوەنی تاقانەترین و کوشندەترین دنیابینی و خوێناویترین بیرکردنەوەن، هەموو هێزێک لەدنیادا لەوپەڕی دیکتاتۆریەتەوە تا قولاَیی ستەمکاری، لەوپەڕی چەپەوە تائەوپەڕی راستەڕەوی، لەوپەڕی جەهل و سەلەفیەتەوە تا ناوجەرگی دیموکراسی، پێکڕا هێزگەلێکی ئامادەباشن بۆ بەرهەمهێنان و سازکردنی دنیابینی کوشندە.

ئەمجۆرە لەدنیابینی، تەنها بریتی نییە لەکوشتن و جینۆساید و تەعزیبخانەو بەندیخانەو تیرۆر، لەسێدارەدان و سەرکوتکردنی نەیارو ئۆپۆزسیۆن و دوژمنەکان، وەکچۆن هاوماناکانی ئەمجۆرە لەروانین تەنها ئەو ریزبەندە کلێشەسازییە نییە کە لەجەنگەوە دەستپێدەکات تاقولاَیی دوژمن، کە لەمەرگەوە دەستپێدەکات تا کەنارەکانی قەدەغەو حەرام و گوناهباری.

چەند گرینگە بزانین تازەگەری و نوێخوازی و چەمکە هەرە زیندووەکان چ ماناو کاریگەریی و پەیوەندییەکان هەیە بە مرۆڤی هاوچەرخەوە، دە ئەوەندەش گرینگە رەهەندو ستراکچەرەکانی کۆنخوازی و کۆنەپەرستی بناسینەوە، هاوکات بێئەندازە روانین و هزرفراوانییە ئەگەر مرۆڤ خاوەنی عەقلَیەتێکی شیکاری و راڤەکاری بێت بۆ تێگەیشتن لەدنیای شارستانی و کەلَچەری خۆی و تەبایی و پەیوەندی لەتەک بونەوەرە زیندووەکانی ترو شارستانییەکانی دیکەدا، هەروەها بێئەندازەش جێی

بایەخێکی شارستانیو مەعریفییە ئەگەر هەمان ئەو مرۆڤە روانینو دنیابینییەکی رەخنەگرانەی هەبێت بۆ شیکردنەوەو لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی دنیای کۆنکرێتیو وەستاوی داخرانی شارستانیو کۆمەڵایەتیو کولتوری، هاوکات توانای رەخنەگرتنو فشاردروستکردنی هەبێت دەرهەق بە کولتوری دەرەبگخوازیی ترادسیۆنیو عەنتەریاتخۆریی دەستەو تاقمە مافیاگەرەکانی حیزبو بەرماوەخۆرەکانی حکومەتو دەسەڵاتو دامەزراوە کوشندەکانو رەخنەگرتن لەهەژموونی بێقەیدوشەرتی حیزبسالاریو گەندەڵسالاریو مەسئولسالاریو حیکایەتسالاری.

## دەزگا کوشندەکانی جەهل

لێرەدا کە باس لەدەزگا یان دامودەزگا دەکەین، مەبەستمان ئەو ستراکچەرە بینراوە نییە کە لەسەر بونیادێکی دیاریکراو و سنوردار بینادەکرێت، هاوکات باس لەو هەیکەلە کارگێڕیو راژەسازییە ناکەین کە کۆی کارێکی دیاریکراو لە سیستامێکی بەرجەستەدا وێنادەکات. نەخێر دەزگا کوشندەکان سەرلەبەری ئەو دەزگایانە دەگرێتەوە کە بەرهەمهێنەر جەهل یان زەبروزەنگی کولتوری یان فەرهەنگی یان نەتەوەیی یان حیزبی یان ئایینیین.

دەزگا کوشندەکان تەنها بریتی نیین لەکۆی ئەو دامەزراوە سیاسیو عەسکەرییو ئەمنییانەی کە دەبنە هێزگەلێکی کوشندەو کاریگەر بۆ داگیرکردنو کۆنترۆڵکردنو سازکردنی جەبەروتێکی گەورەی زەبروزەنگو کاولکاریی شارستانیو کۆمەڵایەتیو ئینسانی، نەخێر دەزگا کوشندەکان ئەو دەزگایەنەش دەگرێتەوە کە دەبنە زمانحاڵی فەرمی رۆشنبیریو هونەریو بەلاّم دەزگاگەلێکن بۆ سوککردنو بێبایەخکردنی رۆشنبیریو فەرهەنگی زیندوو، هێزگەلێکشن بۆ بچوککردنەوەی روانینو بەرهەمهێنانیو جەهلو دژایەتیکردنی جیاوازیو هەمەڕەنگیو سەربەخۆیی. دەرەنجام دەزگاگەلێکن بۆ گەندەڵکردنو بێبایەخکرنی فەرهەنگو رۆشنبیریی.